## گرتوخانەی کاتی بۆ ئاژاوە چیەکانی مۆند یالی 2006 لە ئەڵەمانیا ... ئامادەکردنی ئەنوەر خەراجیانی

حکومەتی ئەڵمانیا گرتوخانەیەکی کاتی دامەزراندوە بۆ ئەوکەسانی گێرە شێوێنی دەکەن لە کاتی مۆندیاڵی 2006 کە لە ئەڵەمانیا بەرێوە دەچێت لە 10 یونیو تا 10 یولیو کۆتایی دێت.
ئەم گرتوخانەیە لە شاری هامبۆرگ دەبێ کە یەکێکە لە شارە گەورەکانی ئەڵمانیا و چەند یاریەکی مۆندریاڵ دەگرێتە ئەستۆ، ئەم گرتوخانەیە نزیکەی 150 کەس لە گێرە شێوێنەرەکان دەگرێتە خۆ.
قسەکەرێکی پۆلیسی هامبۆرگ بە ناوی (مارکو هاسی) ووتی یاسای ئەڵمانیا رێگا دەدات بە هێشتنەوەی گێرە شێوێنەکان کە لەوانەیە ماوەی دوو هەفتە لەو جێگایەدا بمێنەوە ئەمەش بۆ بەرەنگار بونەوەی چەند حاڵەتێکی پێکدادان لە نێوان تەماشاکەرانی تیپەکان، وە هیوادارین ئەم مۆند یاڵە بە ئاشتیانە بەرێوە بچێت و ناچار نەبین بۆ بەکار هێنانی ئەم گرتوخانەیە.
شاری هامبۆرگ لە 64 یاری خولی مۆند یاڵ تەنها میوانداریێتی پێنج یاری دەکات، وە بریارە کە هەڵبژاردەی ئەمەریکا ش کە یەکێکە لە بەشدارانی خولەکە کە لەم شارەدا یاریەکانیان ئەنجام ئەدەن.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت



یەکێك لە یاریگاکانی ئەڵەمانیا

